# بۆنی مه رگ

ئومێد محه مه د

**پێشکه شه به ڕه وانی پاکی نه جاتی خوشکم**

**بۆنێك**
**زه مه نێکی درێژ**
**کا تژمێره که می وه ستاند**
**پڕی کردم**
**له شاتووی هه ڵوه ریوو**
**پڕی کردم**
**له فرمێسکی ڕژاوی ئه ستێره**
**پیرێتی نزیك کرده وه**
**گه نجێتی تورڕدایه**
**زبڵدانه که ی غه ریبی**
**بۆ نێکی ڕژاوو**
**نه من توانیم کۆی که مه وه**
**نه ئه و توانی کۆم کاته وه**
**زه مه نێك**
**به دیار ڕژانی یه که وه**
**بێ ده نگی**
**ڕه نگی ئه و و**
**ڕیدێنی منی سپی کرد**
**بۆنێك له ده ڤه ری مه رگه وه**
**خۆی کرد به نێو دڵی من و**
**تابلۆی هه ڵواسراوی ئه وا**
**ڕسته کانمی پڕ کرد له**
**پیته کانی ئه و**
**به نێو پیتی شیعره کانما**
**چۆڕایه وه**
**له و ده مه وه**
**حورمه تی زه مه ن**
**کاڵ کاڵ ده بینم**
**له و ساوه ژیان**

**ووشكه ڕه نگی**
**سوێره تا می**
**ڕه ش ده پۆ شی**
**شیعری تازه ی**
**بێ ئه ووم**

**سوید ،نۆڤه مبه ری2005**